# ئاینی کریستیان لە سێ نمایشدا

گۆران
هەڵەبجەیی



لەسەرووەختی یادکردنەوەی جەژنی لە دایک بوونی پێغەمبەر عیسا دا[کریسمس] کە لەئێورەی 24.12 دەستپیدەکات تاکۆتایی 26.12، لەو چەندرۆژەداو ڕۆژانی پێشتریش کەناڵە تیڤیکانی وڵاتانی ئەورپا جۆرەها بەرنامەو فلیمی دۆکۆمانتی و سینەمایی بۆ ئەو یادە پێشکەش دەکەن.

لە نێو ئەو فلیمانەی کە ئەمساڵ پێشکەشکران 3 فلیم زۆر سەرنجی راکێشام کە لە 3 کەناڵی جیاواز پێشکەشکران. هەر فلیمێک لەو فلیمانە کە سینەمایی بوون و هاوکات  تڕادەیەک بەرهەمی کۆنیش بوون ،بە جۆرێکی جیاوازگوزارشتی لە ئاینی کریستیان دەکرد،ئەوەش پەیوندیداربوو بەو زەمەنەی ئاینەکەی تێدا دەژیاو هاوکات بە بارووددۆخە سیاسیەی  کە کاریگەری راستەوخۆی لەسەرئاینەکە هەبووە.

1. فلیمی یەکەم بەناوی [کوڤا دیس دۆمینا؟ ]QUVA DIS DOMINA?
کیاویک } واتە بەلاتینی بۆ کوێ دەچیت گەورەم؟ لە ڕۆمانی نووسەری پۆڵۆنی {سییەن وەرگیراوە،دەتوانم بێژم لە هەموو ڕوویەکەوە فلیمێکی سەرکەوتووبوو، تەکنیکێکی سینەمایی زۆر بەرزی تێدا بەکار هینرابوو.

ئەم فلیمە باس لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئاینی کریستیان دەکات بەتایبەتی پاش ئەوەی عیسا لە خاچ دەدریت و خوێندکارەکانی بە جیهاندا بڵاو دەبنەوە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی عیسا کە پێش لەخاچدانی فەرمانی پێدابوون.

یەکێک لەوانە کە پێتەری ناوبووە کاتی خۆی ماسیگربووەو پاشان بووەتە یەکێک لە یاوەرانی پێغەمبەر دەگاتە ڕۆما. لەودەمەدا ئیمپراتۆریرتی ڕۆم ئاینێکی فەرمی نەبووە ، بەڵکە وەک یۆنانیەکان چەندین خودایان هەبووە . بۆنمونە خودای جوانی،خودای شەڕ خودای ڕۆشنایی یا ڕۆژ یا ئاگر یا خودای دەریا وتاد. لێ لە یەروژالم ولاتی لەدایک بوونی عیسا ئاینی جوو ئاینی فەرمی بووە. پێتەر کەدەگاتە ڕۆم دەست بەکاری نهێنی واتە خەباتی ژێر زەمینی دەکات ،لەئاکامدا ژمارەیەکی زۆر هەوادار بۆ خۆی پەیدا دەکات، بەئەندازەیەک لە ماوەیەکی کەمدا دەنگووباسیان لە هەموو ڕۆمادا بڵاودەبێتەوە.

دەسەلاتدارانی ڕۆم دەکەونە خۆیان بۆ دۆزینەوەی سەران و ئەندامانی ئەم ئاینە نوێیە.

لە ئاکامدا بەهۆی دڕندەیی سەربازانی ئەوسەردەمەی ڕۆم و بێ ئەزموونی پێتەرو لایەنگرانی لەکاری نهێنیدا ئاشکرا دەبن.

سەرەتا بە شێوازێکی هێمنانە لەتەکیاندا هەڵسووکەوت دەکەن ،داوالە پێتەر دەکەن خۆیی و هەوادارانی واز لە ئاینەکە بهێن لەبەرامبەردا بەڵێنیان پێدەدەن کە لێیان بوورن و لاقەیان نەکەن. لێ نە پێتەرو نە ئەوانی دیکە ئامادەنین ئەوداوایە قەبوڵ بکەن.

ئەوجا شیوازی توندوتیژی دێتە ئاراوە. ئەودەمە باوبووە لە ستادیۆنەکاندا بۆ رابواردن و کات بەسەر بردن زۆرانبازیی کۆیلەی تێدائەنجام دەدرا ،چ بەرانبەر بەیەکتر یا چ دژ بە ئاژەڵە دڕندەکان وەک شێرو پڵنگ و تاد، زۆربەی جار قەیسەرو خاوخێزنی و دەستوپێوەندەکەیشی ئامادەی ئەم جۆرە گەمە نائینسانیە دەبوون و لە کۆتایشدا بڕیاری کۆتایی ئەو گەمانە لەدەستی قەیسەردا بووە، ئەویش بە بەرزکردنەوە یا خوارکردنەوەی پەنجەی قەڵەوی کە هەریەکەیان هێمایەکی هەبووە.

سەرەتا چەند کەسێکیان لە ستادیۆنێکدا ڕادەگرن و پاشان برێک لەو ئاژەڵە دڕندانەیان تێبەردەدەن ،لە ماوەیەکی کوورتدا هەموویان قەلەپاجەدەکەن .لەولاشەوە پێتەریان لە هەمان شوێن بە زنجیرکراوی داناوەو ناجاریانکردووە کە تەماشای ئەو دیمەنە ڤیزەوەنە بکات بۆئەوەی ئەمە کاری تێبکات و لە ئاکامدا واز بهێنێت . دەستە دەستە ئەوکەسانە دەکەنە خۆراکی ئاژەلەکان ،تا لە

کۆتایدا نۆرەی ژن و مندالان دیت لە هەموو تەمەنێکدا. بەر لەوەی ئاژەڵە کانیان تێبەردەن مەشهەدێکی زۆر خەمناک و ترسناک دێتە ئاراوە،دانیشتوانی ستادیۆنەکە هەموبێدەنگن هەندێکیان بەزەیی لە سیمایاندا بەدی دەکرێت.ژن و زارۆکەکان چاویان بڕیوەتە ئەو کوونانەی ئاژەڵەکانی لێ دێنەدەرەوە و چاوەڕێی چارەنووسی خۆیان دەکەن،زوومی کامێراکەش دەچێتەسەر پێتەر تا دواهەڵوێستی خۆی نیشانبدات،هاوکات ناوبەناو قەیسەریش نیشاندادات کە بە سیمایەکی گرژەوە چاوەڕێی ئەو ساتەوەختەیە کە بزانێت پێتەر چ بڕیارێک دەدات.

لە کۆتایدا هیچ بڕیارێکی دڵخۆشکەر لە پێتەر دەرناچێت، بۆیە قەیسەر بە دەستی ئاماژەدەدات کە ئاژەلەکان بەردەنە ناو ستادیۆنەکەوە.ئەوجا هاوارو قیژەی منداڵو ئافرەت تێکەڵ بە نەرەی ئاژەلەکان دەبێت. لە ماوەیەکی کەمدا هەموویان دەبنە خۆراکی ئاژەڵەکان.

بۆ ماوەیەکی دیکە هەوڵەکانیان لەگەڵ پێتەردا بەردەوام دەبێت، بەڵام کورد واتەنی هیچی لی هەڵناکرێنن ،ئیدی پاش نائومێدی بڕیاری لە خاچدانی ئەو وهاوەڵەنزیکەکانی دەدەن.

هەموویان لە پارکێکدا لەخاج دەدەن ،لەکاتی لە خاچداندا پێتەر داویەکی هەیە ئەویش ئەوەیە بە قاچ هەڵیواسن واتە بە پێچەوانەی عیساوە ،ئەمەش بۆ ڕیزلێنانێک لە عیسا.داواکەی بەجێدەهێنن و هەموویان لە خاج دەدەن و پاشانێش بەرلە مردنیان لە خوارەو ئاگریان تیبەردەدەن.

ئەم فلیمە باس لە چەوساندنەوەی باوەردارانی ئاینی کریستیان دەکات لەسەرتای پەیدا بونیدا لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمەوە. لێ دەرکەوت ئەو ئاینە بە لەخاچدانی عیساو پێتەرو هەزارەها باوەڕداران کۆتایی نەهات ،بەڵکە پاشان هەموو ئیمپراتۆریەتی ڕۆم ئیمانی بەو ئاینە هێناو بووە ئاینی فەرمی ئیمپراتۆریەکە و ئەوانەی دواییش، ئیدی هێدی هێدی بە هەموو جیهاندا بڵاو بوویەوە کە ئێستا لە ملیاران باوەڕدار تێپەڕدەکات.

سەیر لەوەدایەوە هەرچۆن لەژێر ناوی پاراستنی هەیبەتی خواکان و پاراستنی بەرژەوەندی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمادا ئەو گشت تاوانە بەرامەر بە کریستیانە سەرەتاییەکان ئەنجامدرا ،هەربەهەمان شێوە ئەوانیش لەژێر ناوی پاراستنی ئاینی کریستیان وپاراستنی دەسەلاتی پاپاکانی ڕۆم دنیایاک فەزاعەت و تاوانیان ئەنجامداو دۆزەخیکیان بۆ هاووڵاتی خۆیان و نەتەوەکانی دیکە درووستکردکرد، بەتایبەتی لە ئیسپانیا لە سەدەی ناوەڕاستدا لەسەرووەختی {محاکمی تەفتیشدا} ،کە لە ئەنجاندا سەدەها ڕۆشنبیرو زاناو کەسانی بەرهەڵستیان سوتاند. یا ناچاریان دەکردن واز لە بۆچوون و هەڵوێستەکانیان بهێنن، کە لەڕۆژی ئەمڕۆی سیاسەتدا پێی دەڵێن{پاکانە}

2 . [میسیۆن]

ناوی فلیمی دووەمە بەلاتینی یانی ئەرک ،ئەم فلیمە لە نواندنی ئەکتەری بەناوبانگی ئەمریکی{ ڕۆبەرت دە نیرۆیە}.ڕووداوەکانی ئەم فلیمە دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری سەدەی پازدەهەم ، شوێنی ڕووداوەکەش باشووری ئەمریکایە . دەمێک ئیسپانیا بەسەرۆکایەتی کریستۆفەر کۆلۆمبس کیشوەری ئەمەریکای لە کۆتاییسەدەی چواردەهەمدا دۆزیەوە ئیدی زۆربەی ئەو کیشوەرە بووە کۆلۆنییەکی ئیسپانیا، لە پاشیشدا پورتگال بەدوایدا هاتو چەند دەڤەرێکی بۆ خۆی داگیرکود.

فلیمەکە باس لەوە دەکات کە بۆئاوەدانکردنەوەی ئەو کیشورە لە بنیادنانی شاروسەربازخانەو هێلی ئاسنین و بنکەی بازرگانی و زۆر شتی دیکە پێویستان بەهێزی کار هەیە .جا بەهۆی دووردەستی هێزی کاری وڵاتەکانیان واتە ئیسپانیاو پورتوگال پەنا دەبەنە بەر دانیشتوانی ڕەسەنی کیشوەرەکە کە هندەسوورەکانن.

دیارە ئیستیعماریش هەرگیز میهرەبان نەبووە لەتەک دانیشتوانی کۆلۆنیەکانیدا تا هەقی کاری خۆیان پێبدات ،بەڵکو بە سووغرە کاریان بەو خەڵکانە کردووە ،یا ڕوونتر بێژم بە شێوەی کۆیلە کاریانپێکردوون.

ڕۆبەرت ڕۆڵی ئەفسەرێکی ئیسپانی وازی دەکات ئەرکی ئەوەیە کە دەچێت لەو دەڤەرانەی ئەو هندیانەی لێیە کۆتووبەندیان دەکات و دەیانهێنێت بۆ ئیسپانیەکان یا پورتوگالیەکان. خۆهەریەکێکیش لەدەستی رایکردبێت یەکسەر کووشتوویەتی،کەسێکی زۆر دڵڕەق و بی بەزەیی بووە لە گەڵیاندا.

هەر سەفەرێکی بۆ پەیداکردن و هێنانی کۆیلە چەندین هەفتەی پێچوە،لەو کاتانەشدا ژنە گەنجە جوانەکەی لەتەک برا بچوکەکەیدا لە ماڵەوە جێدەهێڵێت.

ژنەکەی لەتەک براکەیدا ڕێک دەکەوێت لە کاتی غیابی ئەمدا ئەوان نغرۆی ئەوین دەبن.

جاریک ڕۆبەرت زووتر دێتەوە لەو کاتەی بەنیازبوو بمێنێتەوە . دەمێک دەچێتە ماڵەوە پەیوەندیەکە ئاشکرا دەبێت، ئیدی ڕۆبەرت دەیەوێت براکەی خۆی بکوژێت پاشان پەشیمان دەبێتەوە،بەڵام لە ڕوی دەروونیەوە تیکدەچیت وواز لە کارەکەی دێنێت.

لەو دەمەدا پیاوانی ئاینی ڕۆڵی کاریگەریان لەسەر دەسەڵات و کۆمەڵگە هەبووە ،هەر لە پاش نیشتەجێ بوونی سەربازەکانی ئیسپانیا، ئیدی ئەوانیش هاتن و چەندین کەنیسەیان بۆ خۆیان دروستکرد و کەوتنە کارکردن و وانە گووتنەوە لەنیو سەربازەکاندا. ئەم پیاوە ئاینیانە چاوپۆشیان لە مەسەلەی کۆیلەکردنی دانیشتوان دەکردو لەگەڵ نوێنەرانی پادشای ئیسپانیا چ سەربازیی وچ مەدەنی ڕێکەوتبوون ،چونکە کارکردن بە کۆیلە بەرژەوەندی ئەوانیشی تێدا بوو.

قەشەیەکی گەنج بە پێچەوانەی فەرمایشەکانی سەرەوی خۆی کاردەکات.بە تەنیا دەچێتە نێو هندیەکان و ئاینی کریستیان لە نێویاندا بڵاو دەکاتەوە،زیاتریش مەبەست لەو کارە رزگارکردنیان بووە کۆیلایەتی.

دەسەڵاتدارانی سەربازیی و میری هەروەها قەشەگەورەکانیش ئەم کارەیان پێخۆش نەبوو ،بەڵام نەیشیان دەتوانی رێگەی لێبگرن.

قەشە لاوەکە بە مەبەستی یارمەتیدانی ڕۆبەرت خۆی لێنزیک دەکاتەوە،ڕۆبەرتیش ئەم هەوڵەی پێخۆشدەبێت و لە تەنیایی و خەمۆکی رزگاری دەبێت.لە کۆتاییدا قەناعەت بە ڕۆبەرت دەکات کە لە تەکیدا بچێت بۆ جەنگەڵەکان بۆ یارمەتی دانی هندیەکان و هێنانیان بۆ نێو ئاینی کریستیان.

ڕۆبەرت لە دوژمنێکەوە دەبێتە هاوکارو برادەری ئەو کەسانەی کە تادوێنێ بە کۆیلەی دەکردن لێی دەکوشتن.

ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی ئیمانداران زیاد دەکات بەمەش کاریگەری لەسەر هێزی کار دەبێت چونکە بە پێی یاسا کەسێکی کریستیان نابێت بکرێتە کۆیلە.ئەم دۆخە دەسەڵاتدارانی ئیسپانی و پورتوگالی لەدەڤەرەکە بێزاردەکات، بۆیەدەیانەوێت بەهەر جۆرێک بێت ئەو دەرگایەی بەرووی هندیەکاندا کراوەتەوە دایبخەن.تەنها ڕێگەش ڕێگەی سەربازیە واتە چارەسەری سەربازی،قەشەلاوەکەو ڕۆبەرت بەم پلانە دەزانن بۆ ئەو مەبەستەش خۆیان بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادەدەکەن.

ئیسپانیەکان بە سوپایەکی مەزنەوە هێرشێکی بەرفراوان بۆ جەنگەڵەکان دەکەن، سەرەتا ئیمانداەرەکان وەک هەنگاوێکی ئاشتیانە بە خاچی مەزنی لە داردرووستکراوو نزاو پارانەوەوە بەرەو ڕوویان دەچن، بەو نیازەی ڕێز بۆ ئاینەکە دانێنن و واز لە پلانەکەیان بهێنن، لێ ئەمە هیچ سوودی نابێت. دەیانخەنە بەردەم دوو ڕێگە یا واز هێنان لە ئاینەکەو ملکەچکردن بۆ کۆیلایەتی ،یا شەڕ و کووشتن.دیارە قەشەی لاوو ڕۆبەرت ڕێگەی دووەم هەڵدەبژێرن و نایانەوێت بە هیچ جۆرێک پشت و پەنای ئەو هەژارانە بەردەن کە پێشتر گفتیان پێداون لەتەکیاندا بمێننەوە .

شەڕ دەست پێدەکات هندیە هەژارەکان بە سەرکردایەتی ڕۆبەرت شەڕیکی پاڵەوانانە دەکەن کە شەڕی مانونەمانە،لێ بەهۆی بەهێزی هێرشبەران لە ڕووی کەرەستەی جەنگ و ژمارەی سەربازانەوە پار سەنگی جەنگ بەلای هێرشبەراندا دەکەوێت، هەر کەنیسەی لە قووڕدروستکراوە بەکاریکەری تۆپی هێرشبەران بە هەوادادەچێ،هەر هندیە لەم لاو لا دەکەویت، هەرمنداڵەو لە پاڵ دایکیدا خەڵتانی خوێن دەبێت.

لە کۆتاییدا ڕۆبەرت و قەشەلاوەکەش پاش شەڕیکی مەردانە و کووشتنی ژمارەیەکی زۆر سەرباز ئەوانیش گیان لەدەست دەدەن.

ئەم فلیمە دووبۆچوونی دژبەیەکی کەنیسە نیشاندادات.لەلایەک پیاوانی باڵای کەنیسە ئەوانەی بەرژەوەندیان بە دەسەلاتەوە گرێدراوە، کە ئەمانەش زۆرینەن و هێزی بڕیاردەرن ،بەلاینەوە گرنگ نیە ژمارەی کریستیان زیاد بکات یانا،بەڵکو ئەوان پتر بیر لە لایەنە ئابووریەکە دەکەنەوە نەک ئینسانی یا ئاینی.کەواتە ئاینەکەیان کردە قوربانی بەرژەوەندی ئابووری.
ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت هەر چۆن مەبدەئو حیزب و هەڵوێستی جوان دەکرێنە قووربانی بەرژەوەندی، بەتاییەتی لای ئێمەی کورد،هەرواش دەشێت ئاینیش بکرێتە قووربانی ئەو بەرژەوەندیە.
بۆچوونی دووەم  قەشەلاوەکەیە کە هیچ دەسەلاتێکی نیەو کەسێکی پاک و دڵسۆزە ئینسان دۆستە،تەنها ویژدانی پاڵنەری هەڵوێستەکانیەتی و دژ بە خواست و سیاسەتی سەرەوەی خۆی کاردەکات،لێ بەهۆی تەنیایی و نەبوونی هاوسۆزیوهەودار لەنێو پیاوانی ئاینیدا شەرەکەی دۆڕاند، بەڵام بیرووباوەرە ئاینیەکەی نەدۆڕان، بەوەی ئێستا هەرچی دانیشتوانە ڕەسەنەکانی ئەو کیشورە هەیە ،واتە هندیە سوورەکان دەتوانم بێژم پتر لە سەدا نەوەدیان هەڵگری ئەو ئاینەن. بەڵام لە ڕووی مافەوە بێمافترین کەسن و لە ڕووی داهاتیشەوەو هەژارترین مرۆڤی کیشوەرەکەن.تائێستا چەندین شۆڕشیان بەرپاکردوە بۆ نەهێشتنی ئەو ناعەدالەتیە، لە ڕووی سیاسیشەوە بەردەوامن لە تێکۆشانداو بەرهەمیان دیارە، بێگومان ڕۆژێک دادێت بەمافەکانی خۆیان بگەن و وەک ئینسان بژین.

## 3. خۆشەویستەکەم یەروژالم

ناوی فلیمی سێیەمە، ئەم فلیمە دانمارکیەو لە دەرەێنانی دەرهێنەری بەتوانای دانمارکی{ بیللە ئۆگووست}ەئەم دەرهێنەرە  تائێستا چەندین خەڵاتی جیهانی وەک ئۆسکارو کان وەرگرتووە،بەیەکێک لە دەرهێنەرە بەتواناکانی جیهان ناسراوە.
وادەردەکەوێت ڕووداوەکانی نێو ئەم فلیمە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی {18}،شوێن ڕووداوەکەش گوندێک لەگوندەکانی وڵاتێکی ئەسکەندەناڤیایە.
دانیشتوانی ئەم گوندە ژیانێکی ئاسوودەدەژین ،هیچ کێشەیەکیان نیە.وێرای ئەنجامدانی کاری ڕۆژانەیان ڕۆژانی یەکشەمەش بۆ خواپەرستی دەچنە کڵێسای گوندەکەیان کە قەشەیەکی بەتەمەنی میانڕەو دەیبات بەڕیوە کە جێی ڕەزامەندی گوندنشینەکانە.
لەپڕ وەک ئەوەی لە ئاسمانەوە کەوتبێتە خورەوە قەشەیەکی گەنجتر لەو پەیدا دەبیت.ئەو ڕۆژەی دێتە گوندەکەوە ڕۆژی یەکشەمەیەو هەموو لە کەنیسەدان و ئەویش خۆی دەکات بەکەنیسەدا.
واخۆی دەناسێنێت کە نێرراوە بۆ یارمەتیدانی قەشە بەتەمەنەکە،وەک ئەوەی خەڵکەکان هێندە زۆربن ئەو نەتوانێت فریایان بکەویت ،یاخود ئەو نەتوانێت بەپیی پێویست ئامۆژگاری ئاینیان بکات.

تابلێی ئەم قەشە نوێە قسەزان وسەرنجڕاکێشەو خیتابەکانی کاریگەرن،هەربۆیەش پاش بەینێک بەم سیاسەتەی قەشە پیرکە کەلا دەخات.
هەر چۆن لە ڕۆژی ئەمڕۆدا مەلاو خەتیبە توونڕەوە ئیسلامەکان هانی کەسانی سادەو بێسەواد دەدەن کە شوێنی جیهادی ڕاستەقینە ئەفغانستان و ئێراقە وجیهادی ڕاستەقینەش بۆ گەشتن بەبەهەشت خۆتەقاندنەوەیە لەناو خەڵکی سڤیلدا، هەرواش ئەو قەشە نوێە بە خیتابە ئاگرینەکانی زۆربەی گوندنشینەکانی قەناعەت پێکرد کە شوێنی عیبادەتی ڕاستەقینە یەروژالمە نەک ئێرە ئەو شوێنەی ئاینی کریستیانی تیا پەیدابوو.
هەربۆیەش لە خیتابە ئاینیەکانیدا زوو زوو دەڵێت {خۆشەویستم یەروژالم} ئەوانەی بڕیاری سەفەریاندا بۆ گەشتن بە بەهەشتی یەروژالم هەرچی شتیانە لە خانوو ناوماڵ زەوی و زار دیفرۆشن بەوانەی کە ناچن یا بە گوندیانی دروانی،تەنها هەندێ شتی پێویستی ڕۆژانە لەتەک خۆیاندا دەبەن وەک جلو بەرگ و ئەو پارەی کە هەیانە .
چیرۆکێکی خۆشەویستی لە گوندەکەداهەیە، پاڵەوانەکانی کچوکوڕێکن کچەکە بڕیاری ڕۆشتن دەدات بەڵام کوڕەکە نەک هەر نایەوێت بڕوات بەڵکو گاڵتەی بەو شتانەش دێت و دەزانێت ئەمە تەڵەیە ،پێشتریش هەرگیزهاتووچۆی کەنیسەی نەدەکرد بەڵکو زیاتر بەخوێندنەوەوە خۆی خەریک دەکرد،واتە کەسێکی ڕووناکبیربوو.
زۆر هەوڵەدات قەناعەت بەکچەکە بکات نەڕوات بەڵام بێهودەدەبێت، بەتایبەتی کە دایک و باوکی کچەکە لەنێو کۆچبەراندان.
بە کەشتی پاش چەند هەفتەیەک دەگەنە شوێنی مەبەست،لەخۆشیا خەریکن باڵدەگرن.بەڵام ئەم خۆشیەیان زۆر ناخایەنێت کە تووشی شۆک دەبن و مەینەتیەکانیان دەست پێدەکات.
سەرەتا هەرچی پارەو شتی بەنرخە لێیان دەسەنن بە بیانوی ئەوەی لێرە کەس پێویستی بە پارە نیەو هەموو شت بلاشە.
هەموویان دەکەن بەسی بەسەوە منداڵ بەجیا ژن بەجیاو پیاوێش بەجیا. هەر بەشەیان وەک سەربازگە لە قاوشێک دەنێن بەرپرسی ئەم سەربازگە ئاینیە ئافرەتێکی تەمەن مامناوەندی زۆر تووڕەو بێبەزەییە کە وەک وەک ئەفسەرێکی خاوەن دسپلین هەڵسوکەوت دەکات.
پاش بەینێک بۆیان دەردەکەوێت ئەو مەبەستەی کە لە پێناویدا هەزارەها کیلۆمەتریان بڕیوەوژینیان بۆ تێکداوە ئەوە نەبوو ،کەمترین شت کەممارەسەیان دەکرد خواپەرستی بوو،زۆربەی کاتیان وەک کۆیلە بە کشتوکاڵ و خانوودرووستکردن و کاری ترەوە دەبردەسەر.
هەفتەی جارێک بۆیان هەبوو منداڵەکانیان ببینن، ژن و مێردیش زۆر کەم یەکتریان دەبینی.

بەهۆی ژینگەی پیس و خواردنی خراپ و نەبوونی خزمەتی تەندرووستی پاش بەینێک چەندین نەخۆشی لە نێوانیاندا بلاو بویەوە ،کاریگەری خراپی بەپلەی یەکەم لەسەر مندالان هەبوو کە بەهۆیەوە زۆرێک لەو مندالانە گیانیان لەدەستدا .لەنێوانیاندا مندالی ژن و مێردێک کە زۆر بە حەماسبوون بۆ گەشتن بەو شوێنە .مردنی مندالەکەیان زۆر کاریگەری دەروونی لەسەریان دەبێت ،بەلام چاریشیان نیەو دەبێ قەبولی ئەو دۆخە دژوارە بکەن. پیاوەکە بەردەوام دلی هاوسەرەکەی دەداتەوە تا دان بەخۆیدا بگریت بەلکو بارودۆخ باشتربێت و بتوانن دەربازبن، لێ بەهۆی ئەو دسپلینە پۆلیسیەی کە هەیە بواری دەربازبوونیش زۆر کەم دەبێت.
ئاستی بیزاری و تووڕەیی ئەو دوو هاوسەرە دەگاتە ترۆپک دەمێک وەک ەەمووجار دەچن بۆ سەرگۆڕی مندالەکەیان دەبینن گۆرەکان نەماون وکرێکاران خەریکی بیناسازین تێیدا. پاشان دەردەکەوێت کە دەسەلاتدارانی ئاینی گۆڕستانەکەیان فرۆشتوە.دەیانەوی تۆلەی مندالەکەیان لە ئافرەتە دلڕەقەکە بکەنەوە بەلام دەمێ بیر لە ئاکامەکەی دەکەنەوە پەشیمان دەبنەوە
لەملاشەوە لە گوندەکە کوڕە دلدارەکە پاش چاوەڕوانیەکی بێهودە دەچێتە ژیانی هاوسەرگیریەوە ،بەلام دلی هەر لای خۆشەویستەکەیەتی بۆیە پاش ماوەیەک هاوسەرەکەی جێدەهێلێت و سەفەری لای خۆشەویستەکەی دەکات.
کوڕەکە لەوی خۆسەویستەکەی خۆی لە بارێکی زۆر خراپدا دەبینێت،بۆیە هەولدەدات بەهەرجۆرێک بێت ڕزگاری بکات. لەکۆتایدا هەولەکەی سەردەگریت و پێکەوە دەگەنەوە گوندەکەیان، پاشان کورەکە بەیەکجاری لە هاوسەرەکەی جیادەبێتەوەو خۆشەویستەکەی دەکاتە هاوسەری خۆی.
خۆلاسەی ئەم فلیمە ئەوەمان پیدەلێت کە دەکرێ ئاین بکرێتە هۆکارێک یا ئامرزێک بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیکە. وەک زۆرێک لە حیزبە ئیسلامیەکانی خۆمان و دەڤەرەکە پەیرەوی دەکەن .لێرەدا ئاین کرایە هۆیەک بۆ لەخشتەبردنی کەسانی ساویلکەی ئیماندار بۆ گەشتن بە مەبەستێکی دیکە.
فلیمەکە وانیشاندەدات کە ئەم سیاسەتەی کەنیسە سیاسەتێکی بەردەوامە بۆ بەکۆیلەکردن و جەوساندنەوەی ئیمانداران بە مەبەستی کۆکردنەوەی سامان و دەولەمەند بوونی سەرانی ئەو ئاینە ،ئەویش بەوەی ئەو قەشەی ئەو گوندیانەی خلەتان کاری یەکەم جاری نەبووەو دواکاریشی نابیت.

مەبەستم لە نووسین لە بارەی ئەم سێ فلیمەوە دووخالە.
یەکەم نیشانی بدەم کە وەک چۆن حیزب و ئایدۆلۆژیا زۆرجار دەکرێنە قوربانی بەرژەوەندی چ لەلایەن سەرانی حیزبیەوە یا چ لەلایەن تاکی حیزبیەوە ،یا هەدێ جار حیزب دەکرێنە بەردەباز بۆگەشتن بە ئامانجی دوور لە حیزب و ئایدۆلۆژیا ،هەرواش ئاین لە پێناوی بەرژەوەندی ناوەندە

بالاكانی دەسەڵاتە ئاینیەكاندا بەكار دەهێنریت.یاخود بەلاكەی تردا بۆ مانەوی دەسەلاتە تۆتالیتارەكان ئاین دەكرێتە ئامانج و لێدەدرێت .

خالی دەەم ئەوەیە  لە كەلتووری ڕۆژئاوادا كە ناوجەرگەی ئاینی كریستیانەو هاوكات ئاینی زۆربەی دانیشتوانەكەیەتی،دەبینین چەندین كاری دراماو زنجیرەی تەلەفزیۆنی و فلیمی سینەمای لەسەرمێژووی ئاینی كریستیان بەرەەم هێنراوە.لە نێو ئەم كارانەدا هەندیكیان سەبارەت بە ڕووی سەلبی ئاینی كریستیانە  وەك ئەم دوو فلیمەی دووای،  شەرمیش لە هەڵدانەوەی ئەو لاپەرە ڕەشانە ناكەن و ناشارنەوە ،چونكە لایان وایەدەمێك باس لە مێژوی ئاینێك دەكریت دەبیت لە هەموو لایەنەكانیەوەو بەهەموو ڕەهەندەكانیەوە باسبكرێت نەك تەنا لایەنی ئیجابی.

بەڵام سەیر لەوەدایە لە نیو جیهانی ئیسلامدا لە دووتوێی هەرچی نوسین و زنجیرەی تەلەفزیۆنی و فلیمی سینەمایدا هەیە تەنها باس لە یەك لایەن دەكریت،وەك ئەوەی لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە تا ئەمرۆ هیچ كاری نارەوا بەناوی ئیسلامەوە ڕووی نەدابیت.خۆ گەر نەڵێم ئەو كارانە لە نمونەی ئەو دوو فلمە زیاترن ئەوە بێگومان كەمترنین.

هیوادارم لە ئایندەدا سینەماكارانی عەرەب هێندە جەسووربن هەندێك لە لاپەڕە ڕەشەكانی ئیسلام بكەنە كاری تەلەفزیۆنی و سینەمایی ،بەتایبەتی ململانێی خوێناوی لەپێناوی دەسەڵاتدا .كە لە دوای كۆچی پەیغەمبەرەروە دەستی پێكرد و بەردەوام بووتا كۆتای خەڵافەتی عوسمانی كە دوا دەسەلاتی فەرمی ئیسلام بوو.

halabja@ofir.dk